

# شەوێک میوانی گڵکۆی دایەگەورەم

کۆمەڵە شێعری

**تاهیر مهابادی**

٢٠٢٤

49 Books
Publishing

**شەوێك میوانی گڵكۆی دایەگەورەم**

(شێعر)

تاهیر مهابادی

نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: ژیان بەهرامیان

ساڵ و نۆرەی چاپ: ٢٠٢٤ - یەكەم

ژمارەی ئەسپاردنی كتێب:

978-91-89941-35-9

دەزگای چاپ: ٤٩ كتێب / سوئێد

www.49plusbooks.com

پێشکەش بە:
دایەگەورەم (حاجیە فاتمەی محەممەد ڕەزا)
و
هەموو دایەگەورەکان

# شەوێك میوانی گڵكۆی دایەگەورەم

ئێوارەکان کولاوی قیلی قیامەتن
بە بێژینگی ئەجەل
بەسەر رۆحم دا پرژاون
❋❋❋
ئێوارەکان سەرپیتەن
لە توانەوەی کێوەکان بە تاریکی دا
ئێوارەیەک بە بۆمبی هەواڵێک
لە ئەتۆمی تەمەن دا ئینتحار لە حاڵی نزگرە بوو
ئێوارەیەک
پیرەژنێک زێڕین خەیاڵ
بە چاوەچرژاوەکانی ... حیکایەتی پێ بوو
حیکایەتی رێگایەک
لە هەنگاوی پساو گرێ درابوو
حیکایەتی چاوڵەبوونی چراکان
ئەوکاتەی سەر چرا ... لە گەڵ شەو برا بوو
❋❋❋
دایەگەورەم کاتەکانی حیکایەتی زۆردار
ئەو حاکمەی بە دهۆ تەونی چنی
بۆ کەوی بوونمان
لەو کاتەوە من
پشکۆی پشووی هەناسەسوارانم
لە دەستی دایەگەورەم را
بۆ جیهانی پیریتان گۆچانم
❋❋❋
دایەگەورەم

فرشتەی ، حەوت پشتی بەهەشتەکان
رۆحی لە سەر دەست ڕوابوو
دایەگەورەم بەحری وان بوو
بۆ نێو گەرووی تینوویەکان
وەکو باران بووژێنەری
تەمەن بە بای فیڕۆیەکان
ئەو سێبەری پەری بوو
لە رۆحم دا ... لە باغی عیداڵەت چەقابوو
❊❊❊
هەر من لە چۆلستانی غوربەتانەوە
خانەخێوی یادەوەریتم
من ڕۆڵەکەی گڕووگاڵ ... بە گاگۆڵکەی وەفاداریتم
من حەواڵەی
حەڵاڵ شیری هەرزەکاریتم
❊❊❊
ئێوارەیەک
پیرەژنێک زێڕین خەیاڵ
بە چاوەکانی حیکایەتی پێ بوو
حیکایەتی کانی لە سەر دەمی ... یاغی بوونی ئاو دا
سەگوزەشتەی کۆلکەزێڕینە
لە سەردەمی ناتەبایی ڕەنگەکان
❊❊❊
دایەگەورەم دەیکوت
کاتێک ئاسمانیان لێ فرۆشتین
زەویمان لە زاو و زێی ... مەزنی دزان بوو
لە وەرزی بێ نەزمیدا
❊❊❊
ئەو دەیکوت

ئێوارەکان دزن
لە هەرەوەزی زەمان دا
کێوەکان ڕادەخەن ... بۆ بیابان
لە چرکەیەکی چڕژاو
بە نێو ژەنگی زەمان دا
❊❊❊
ئێوارەیەک دایەگەورەم
دەستەکانی بوونە باڵ و
لە هەواڵی هەتاوی دەپرسی
لە سەر بەرماڵ
لەو کاتەوە من
شۆڕەسواری هەراسانکردنی ڕەشە با
سەرداری سڕینەوی شەوەزەنگ
سەربازی وەفاداری ژن
❊❊❊
لەو کاتەوە من
تووتی سفەتان دەتارێنم
بە ئەقڵی داوەڵێکی ڕاستگۆ
من هەوێنی هەڵمەتێ وەفایەک
بە نهێنی دەهۆنمەوە
کە ئاشکرایە لە بەیاننامەی درۆ
بی دایەگەورەم
وەک ئەستێرەی لە سەفەر دام
لە فەلسەفەی سەغیری دا بڵاوم
❊❊❊
ئەی رۆحی بڵاو لە ئاسمانی دزراو
بە چریکەی وەفاداریت ...ئەستێران بشکێنە
ئەی ئاسمانی بێکەسان

له باسی باڵی کۆچەران
هەڵفرینی رۆحی من بژمێرە
❊❊❊
ئەی رۆحی بێزار ... له بزماری زەمان
له هەڵدێری غەریبی
خۆت بە باڵی شەیدایی بسپێرە
ئەی چارەنووسی بە سیسی نووسراو
بێ دایەگەورەم
حیکایەتی بەر فانووسم
من دەریام و ماسیگرەش
ئەوی شەپۆلان دەخیجێنێ ئەویشم
من جەنگەڵ و شێر
تەورو کارمامزیشم
❊❊❊
ئەی ئاسمانی بێ هەتاوی خۆم
بێ دایەگەورەم
میوانی سەهۆڵە سەهۆکانم
با هەورەکانت پەرژین بێت

## گوڵزادەیەك لە شەکانەوەی تریفە دا

ئەو شێعرە پێشکەش بە فاتمە خانم بۆساڵڕۆژی زەماوەندمان

ئەی شۆڕەژنی مەملەکەتی گوڵزادان
بشنێوە لە شەکانەوەی تریفە دا
لە سەرچاوەی شانازی را
هەر چاوەڕێم
لە دارەدارەی پاییزێک
دەستی ئارەزووی تۆم هاوڕێ بێت
من و تۆ
لە تۆران و تەمەن ڕا
نۆبەرەی سەردەستەی بێکەسانین
لە سەر دێری فیدا بوون
کۆکەرەوەی کۆنگرەی عەدلین
لە دیوانی کوردایەتی
...
من و تۆ
دوو کۆترەکەی شەمزاوی فڕین
سەرەتا بە باڵی بێ واژۆ
لە کۆتایی پیرێکی حەکیمین
...
تۆ هاتی
لە مەملەکەتی دزراوی دەروونم
عیداڵەتی ئەهوورابیت داگیرساند
تۆ هاتی
لە زەمەنێکی لەرزۆک دا
پەرژینی هیوات دامەزراند

تۆ هاتی
مانگی ژاکاوت
لە ئامێزی تریفەدا شەکاندەوە
تۆ هاتی
ئەستێرەی سوورڕماوت
لە ڕاخوشینی وەفا دا پێڕوەکە کرد
...
تۆ هاتی
لە کۆلکەزێڕینەی دڕدۆنگیم
بارانی دەنگانت هەڵگیرساند
ئێستا کە من
سەمفۆنیای ڕەنگانم
...
پەپوولەکەم
پەرتەوازەم لە ئاوازی خۆم
بمناسەوە بە سریوەی باڵەکانم
بۆ سەمای جریوەت
ئامێزم دەڕازێنمەوە ... بۆ نازان
...
ئارەزوویەکی خووساوم ...... لە چاوەڕوانی
هەر ئێستا لە خەونت دا
دەبمە ئاگر
ئەی پەپوولەی وەفا
بە تۆزی گەنجی لەنجەکانت
دەبمە قاروون
دێمەناو شەپۆلی گۆزەی حەزەکانت
وردە شەپۆلان دەشێوێنم ... لە سەر کوڵمی شەلاڵ
تینووم ... تینوو لە تەماشات

...

من و ئەو

زمزمەی زەماوەندی ڕەنگەکانین

بە کاتی غوربەت

یەک هەور و

یەک بارانین

یەکمان بابێکی سک سووتاو

یەکمان پیرە دایکی خەمەکانین

نا لەو سەردەمەی

لە ماڵی چرا دا ... سێبەر بووین

ئەمێستا لە سلسلەی سەهۆکان دا

ئازار دۆزی دەردەکانین

یەکمان لە خللۆرگەی غروور را ... (سزیۆف) و

یەکمان لە جیاکانی موکریان

حیکایەتی مشک و مارەکانین

---

***تاهیر مەهابادی***

٢٠١٨/١١/١٦

## یاخی بوونم سەربەخۆیە

دامپۆشەوە تەمی سەردەمەی یاخی بوونم
لە روخساری خودایی را ... بمرۆینەوە
لە سەر دێری ئینسانی دا
سووربە هەیبەتی هەڵوێست شکێن
شین دەخزێمە سەر ... سەفەری شەرافەتی باغچەکەمان
کە یاخی بوو باغەوان
کاتێک ویژدان لێی یاغی بوو
لە سەر دەمی نەمام چەقاندن دا
.
.
لە چوار چێوەم دەچریکێنیێ
بێژینگی ویژدان
بە چەواشەی هەڵفڕینی دا
.
داوەرینمان فڕینی ئاو و
مان گرتنی قاقڕستانی هەستی دەربەستی بوو
یاخی بوونم سەربەخۆیە
داموەرێنە
خەزەڵوەری خەیانەتی سەرهەڵدان
من جەنجەڕی چەرمەسەریتم
.
ڕاموەشێنە بە گژ ... چەواشەی چەپڵەکان دا
من تریفەی ختمی تاریکیم
لە ئاسمان و زەویشم
.

من دەڵاڵی هەموو ... دەراوەکانی جیهانم
بە دەلالەتی تووفان دا
کڕیاری سەرۆک ئەستێرەم
تا پەڕینەوەی ڕۆڕۆی دایکان و
تا چەقەرەی لەنجەی خوشکان ... لە گەشانەوە دا
تا حەسانەوەی سرتە و
ورتەورتی تریفە لە گوێچکەم دا
... بەردەوام
لە ڕووناکیم کوێری ڕواوە
لە داگیرسانم تاریکیترووکاوە
... وەرنە ناو هەدادانم
... لە شەپۆلی تووڕەیی ڕا
ویشکەڕۆیەکی زەریاناسم

## خودایەکەم

لە دەستم دا ... سڕی پشکوتن
روحێکم رووخاوە ... لە خاجی عیسا دا
لە چاوم دا چۆڕاوەتەوە ... بۆنیٚ نابینم
لە چاوەروانی یۆسف دا
لە قاچم دا رواوەتەوە
رێگای درێژی هەڵە و پەڵەی باپیرانم
لە پشتم رواوەتەوە
قامچی قەیتەران ... بە قارەمانی هەڵەی دا ... فیرعەون ئاکارە
دابەزیوم لە وزەت را
زەمان رازێن ... زەماوەندم مەرگە
بمهێنەوە سەر نەمانی نهێنیت ... لە نهۆمی گاگۆڵکەم را
دامرێژەوە لە دارەدارەی ... هەیبەت و ئیمانت
بە گلۆڵەی بۆڵەبۆڵم دا ... پۆل پۆل باڵی ئاسمانت
لە زەویم دا جزیوە
لە فریام دا شۆڕکەوە ... شەبەقی یەقینت
لە قەوارەم دا قڵپکاتەوە پەرژینت
بە چەماوی دا چیای چڕۆم دڕدۆنگە
گۆچان چۆن دەچێتەوە بالآی دا
بە ئاڵۆزی گەلا ... زریان بەزێنم
خودایە گیان
هەڵمکەوە ... گڕم ئاڵۆزە ... لە هۆزی زریانت
لە گەرووم دا گەمارۆی لە گەرەکی بێژینگان
لە هەڵوەژاردنت گەمەم گرینگە
بمگەیەنە پەڕاوت ... هاتم بە گۆمی گومان دا
گەیشتمە قووڵاییی

تەنکە کودەتای مرۆڤ هات
دیمە نێردیوانی بەرزەفڕی
بە تەرزی وەرزی باڵکێلان ... نەوی بوونم کەم خودایە ...
دەنووسمەوە ئاسمانت
بە ئەستێران کە رانەخوشیون ... لە روحی رەحمان ...
دامرێژەوە لە رێژەی ناوت
بەئامێزی زەمان ... بدرەوشێ لە زمانم
شەوی شەرم بە شەرافەتی
بە پێ پەتی پێکەنی ... کەوانێک ... کرماندی ئێسکم
لە سەربەندی دووندی ئینسانی
بمنۆشەوە بە پیاڵەی ... پیاوانی ئاسمان ... لە حۆری ئاکارن
لە گوێچکەم دا هەڵڕژاوە ... دارڕمانم
رامکێشەوە ناو جازبەی بەزم و رەزمی زەمان
خودایەکەم
بمکرێنەوە لە کەڕووی کپ کراو .... لە گەرووی پشکوتن دا
داسەپام لە مەشکەی گومان دا
نەژاوم بە ژەکی ژاکان ....پیرەوکەمە
دامرێژەوە لە هاژەی پەرتەوازیم
لە ئەوین دا لامەکان و پڕ مەککەم
لە زەینم دا کازیوەی پێکەنینی .... لە سەر هەورانی
لە ئەوینی نهێنی هەزار ئاوازم
بە بەرینی نهێنیت ..... سەمفۆنیای سەرسووڕماوم
بمخەوە سەرپیتەی پیتاندنی ئەوینت
لە ئارەزووم را دزرا
زاوزێی بەهارت

# ئاخ چ شێتێکی خوێن شیرینم

ئەودەمەی ئاگر فێرە ئەوینم دەکات
خۆ لە هەتاو دەشارمەوە
ئەودەمەی
خەرمانی خوێنم
بە گێژەڵووکەی مێژوو دادەکەم
...
ئاچ چ شێتێکی خوێن شیرینم
ئەودەمەی لە سەر بەرزاێکان
چاوم دەکەم بە چرای بیر چاوڵەبۆکانی دەشتایی
ئەودەمەی
لە شێوەردی غەریبان
گەزیزان دەچێنم
هەر ئەودەمە
دەبمە شەوچەلەی بیسەرانی هەڵوەدایی
؟؟؟
ئاخ ...چ ....ش ..خ ...ش
ئەودەمەی لە ئەشکەوتان
زەخمی تەشەنای دڵم
بە دڵۆپەی ورە سارێژ دەکەم
ئەودەمەی
خورە خوڕی کانێکان دەکەم بە موسیقا
قاسپەقاسپی خاسەکەوان
بە ئاوازی رازی دابڕانم
...
ئاخ چ ... ش خ ... ش
ئەودەمەی

ئاسمان لە لیفەییم بێزارە و
زەوی لە رایەخیم وەڕەز
ئەودەمەی
گاشەبەردەکانیش لە سەنیریم رادەکەن
ئاخ ... چ ... ش ... خ ... ش
ئەودەمەی ڕمبەڕمبی دەبابان
دەکەم بە دەهۆڵ
قرمەقرم و ویزەویزی گوللان
بە چەپڵەرێزان
رەشبەڵەکی گوللەو خوێن و ژان لە جەستەم
بۆ گۆرانی ژین
چاوەڕوانی دابەزینی بووکی ئاواتم
ئەرێ چ شێتێکی خوێن شیرینم
...
ئاخ چ شێتێکی خوێن شیرینم
ئەودەمەی
لە گرمەگرمی گەرمای ئەوین
تەزووی خەزانێکی ناوەخت
چڵی باڵام دەئەنگێوێ
ئەو دەمەی لە شەڕی هەتاوان ... ریش سپیمە و
سوڵحی خوێنی سیاوەش دەکەم
ئەودەمەی
لە ئاسمانی ئارەزوو تریفە دەفڕێ
ئەودەمەی
بووکی ئاوات لەماڵی باوان دەمرێ

---

***تاهیر مەهابادی***

***٢٠٠٥ / شارویران***

## ئەگەر مردم

ئەگەر مردم
لە تەنیشت دارستان مەمنێژن
نەوەک داستانی بێکەسیم
بە بولبول بڵێ و
ئەویش بۆ گوڵزاری بخوێنێ و
هەرچی گوڵە هەڵیوەرێنی و
مەرگی من پاییز بێنێ
ئەگەر مردم
لە لێواری هیچ رووبارێک مەمنێژن
نەوەک توونیایەتیم
بۆ دەریا بەرێ و دەریاش وشک بێ و
مەرگی من قاتی و نەهاتی بێنێ
ئەگەر مردم
لە تەنیشت چیا مەمنێژن
نەوەک لە پرش و بڵاویم
لووتکە راچەنێ و مەرگی من
وەرزی بوومەلەرزە بێنێ
ئەگەر مردم
لە تەنیشت گۆڕستان مەمنێژن
نەوەک کێلەکان غەریبیم بۆ شەو بگێڕنەوە
شەویش بزە و وزەی بێتێ و
لە بەژنی کازێوە هاڵێ و
مەرگی من وەرزی خامۆشی بێنێ
ئەگەر مردم
لە گۆڕێک دا مەمنێژن

نەوەک مێشک و دڵم
بۆ خواردنی هەزارپێیەک
بیکەن بە شەڕ
مەرگی من وەرزی براکوژی بێنی

*تاهیرمەهابادی*
*مەهاباد / شارویران*
**٢٠٠٥**

## گۆمی گومان

دەیچۆڕێنمەوە سەر
بەیاری بیستن ... هەوری هاوارم
بە قەستی هەڵبەست کەس چرۆی ناترووکێ
لە تەونی خەنی ... ون حاڵی بوون
گلۆڵەی وشەکانم
بە دەردی بەرد دەچن لە گۆمی گومان
فێرم کە ... کەفی لرفە
لە دەفی سۆمایان ... چۆن بفریوێنم
فۆنتی پشکووتن لە کەهکەشانی نەزانی
فێردەبم لە رووناکی
ئاوێنە بهۆنمەوە لە هیوا
سۆما و ئارەزووم ... لە گرامافۆنی برووقەن
بنەڕڕێنە رووبەری رندراو ... هەسان لە سرتەیە
دەحاڵی بن عالەمی حاسێ
لە تەماعم دان ... خمی خەونم ... دەنا ... چش
حەواڵەی خەسارن ... بە جەمسەری سێبەر دا
نافڕێ سێبەرێک ... سەرەتا دەتوێتەوە ... بەتەمای باڵی
کە ئاسمان سووراو بێ
بە دەربیجەی دا تیشکم لە مەشقی
بێشکەی لە شکانە بە راژەم
قورتمی تەورێک لە گرووگاڵم دا ئاگرە
بمگرە خۆت گەمەی گومان
گەڕیدەی فەوتاوم لە خیچان
لەگەرمەی هەڵفڕین دا
فرەوان بە ... دووباڵی زڕڕم

ئاسمانێک سوواوە
بە سرتەیەک دەسووڕێنەوە سەر کێلی ئاسۆ
سڕاوە نەبێ ئاسمانم
لە دارستانی بۆ سۆم ... گڕێک دەگمێنێ
گرمەی باڵی دەناڵێنێ لە هەورت
هەوری دوورە هەوارم
بمهۆنەوە بە نهۆمی نۆ لە هەشت ... پشکت دا بە شکاوی پشتم
لە بەرزی دوورە پەرێزم
بمشوبهێنە بە شالاوی دووڕ لە ئەقیانووس
دەنا مەحکوومی بە قەتیسم
بمشوبهێنە بە شڵێوەی شەڕافەت ... کە مافێکی فەوتاوە
لە سەهۆڵبەندانی روانەوەم
بمتوێنەوە بە شەکر
لە تاڵی و توڵخی چرات دا
شکوور سەربەخۆم ... لە خواردنەوەی تاریکی

***تاهیر مەهابادی***
**٢٠١٤/١٢/٧**

## فریام کەون لە فڕینم

لە کەلی هەڵاواردنەوە هەڵدێ ... مانگێک
هەڵیدێنجم لە هێڵنجی شەداد ... لە خەونی دا گەشاوە
کە تریفەی لە تکای تاریکی تکاوە
دەیچۆڕێنمەوە ناو جریوەم
کۆبن لە کەلاوەم دا ... کە ڕۆحییان کڕاندووین
لە کەڵکەڵەی کۆڵەوار ... شێلگیر
لە پەلیمان حازرە ... بزرە لە دەورمان
کە ڕۆمانی ڕوو ڕنینی ڕوانەوەی ... ڕژایە مێژوو
بە زڕی دا ... بە سێبەری دا
تێکەڵ بنەوە بە سۆمای بارانم ... لە هاوار
لە سەر سەمفۆنیای سێڵاو
کە وشەم خرۆشا ... شایەک
لە کەوشەنی شەمزاو ... فەوتا بە فیتی بەفر
کاتیک هەتاوێتی بە فیڕۆ دا
کۆلکەزێڕینەم بە ڕوومەتی لکاوی تەنیایی
تووتی نابم لە توانەوەی تاریکی ... من
ڕەنگاڵەی هاوارم ... بەکاتی برینگانەوەی زرینگە
دەستەخرۆی مەزمەعیلی برووسکەن
کەوبەداری لە خۆبایتان
گرمەیە بە گەرووی ئازارم
چۆلەواریم حازرە ... بزرە لە ئاوازم ... ئاوەدان
فریام کەون لە فڕینم
ئاسمانم نیسێی سڕە
خووساوی فریوە ... باڵم
شەلاڵی لاڵی بڕکی هەڵوەشاوم

دەزێتەوە بە ئامێزی زریان ... دەروونم
ئێستا دەریایەکین هەڵگەڕاو
لە گڕامافۆنی فەوتان
بە ماسیگرەیەک ناوێرین
ئێستا دەریایەکین ... وەرگەڕاو
بەڕووخانی
شەپۆلی یاغی فێرین
شین دەبمەوە لە رەشایی
لە گەوزی کازێوە ... زێڕەوشان
دێمەوە ناو خەونی زڕڕاوتان ... بە زرینگە
کە چرکەتان چڕژاوە ... بەچڕۆی رووناکی
بڵاوبن هاوڕێیان
وەک کەوانەی کەرامەت
تا،،،،،، بشڵەقێ
قەوارەی خەیانەت

***تاهیر مەهابادی***

## کوا کەیخودایەك

بمخاتەوە سەر خەریتەی خەنی بوون
ئەی لووتکەکانی کەرامەت کۆڵدراو
دەپووکێنەوە بە نرکەی کۆکەنم
بێ دەنگیتان کەی دەپشکوێ لە ئازارم
رۆحم روا لە رنەکی رێگا
سوێند بێ بە ئاسۆی سووتاوم
سیفر جاران سەداقەتتان ... یەکسانە بە سواویم

***

وەرنەدەر لە قاپیلکی تەماویتان
ئاوەدان بن ئالآهەڵگرانی ئەستێرە
وەک ئاسمانم لە برووقەی رواو
دەچمەوە سەرکانی ویشکەڕۆییتان
کە کوێر بووە بە ئاوەدانیم
ئاگردانم بە ... تین و گڕی هەرزەلاویم
بمچەقێنەوە ناو چەقی سەرەڕۆییت
هەڵمقوورڕێنەوە ناو هەڵزناویت
لە قەراغ هەڵکورماویت را
شین دەبمەوە بە شاڕێی شەڕافەت دا
لە شەهامەتی شەرماوی
ئەی جومگەی فەرهادی فەڕاژی ... بە ژەکی ژاکاوی ئەوین
نەویتر بە لە قامووسم
لە قەرازەی گزیر زاووزێمە
قفڵم لە زاراوەت دا ... زەوی زڕە تاوم
دەزێمەوە لە خەرمانەی خەیانەت
کە بەربۆتە تەمەنی نیشتمان
ئاخ خ خخخخخ...فرۆشراوی
نیشتمانی شێواوتر لە شەویلکەی وشترەکانی بیابان ... لە خەو دا
بخرۆشێوە بە نێو شۆڕابەکانی شەبەق دا
بنیشەوە لە شێوەردی ... شووشەبەندی شەڕەف ڕا
دەتخزێنمە ناو خەزێنەی حەزەکانم
ئەگەرچی کورسی حەزیایە ... لە بەزینی ئارەزووم

## خەونی لاڵی سەرۆکەکان

بمگێڕنەوە لە داگیرساوی باهۆز ... کە کۆزم ساوایە
پــێ بــە پێــی پەرتەوازەییــم لــە ئــاوازی چاوڵــە ... کــە هــۆزم ئاوایــە
لە لاڵیدا بە ئالای هەڵاواردن قڵپ بوومەتەوە
قڕبوومە بە قەوارەی ... قەرازەکانی قیامەت
ئەی خەونی لاڵی سەرۆکەکان
دەی بزرینگێنەوە ... لە قاڵبوونەوەم دا ... دەنا
دەلاڵێمەوە لە چواررێی خەیاڵتان
کەی دەپشکوێ خەونی لاڵ ... با
نە پرینگێمەوە لە هیوا ... دەنا
دەچێنم تەوری ئیبراهیم لە بەر دەگاتان
دەزرینگێمەوە بە ئاڵۆزی زریان
لە هۆزی گڕی گەلا دا ... کە دووکەڵی ئاهی دایکانە
دەتوێمەوە لە تەوری تۆڵە
لە برووسکەی پێ هەڵگرتوو دا
کە تیژ و تووڕە ... کزەی کڕووزانەوەی باوکانە
خافڵاوم بە خەنی بوونتان
خووساوم لەو بەرەی دڕووجاڕەی داگیرساو
شێلگیری تاکەی هەتاوم
وەک ئارەزووم لە گەلاریزان
کە رووناکیت بە تاریکیم تواوە
بێ دەنگ مەبە هەتاوم
ئاو بێ دەنگ بێت
رووبار پس پسە وەک من لە توونیایەتی قڕانە
چیا بێ دەنگ بێ
گوڵی بنار پێخوستی زریانە
پشکوتن وەک من لە زەماوەندی ڕزانە

## ئاژاوەی خانێك نێژراوە بە رۆحم دا

سوێندم بە ئاسۆی بێ کەسیم ... کە تاریکە
لە توانەوەم ترازاوە ترووسکە
رازاوەم لە ریزەی کازێوە دا ... زەردەشتێک
کە پرژاوە بە دنیا دا
وەک شەواوی تریفە لە تاریکی دەریا دا
لە چۆلیتان چۆڕاومەتەوە ... تا ... چرووکی
پیرەکانی چیای سەوز ... دەچێتەوە خمی چەوساوەیی
ئاژاوەی خانێک نێژراوە بە رۆحم دا
کە لە خەرمانی بەڵێ دا ... خەڵەفاو
هەوێنی هەڵاواردن لە هەیبەتی ئارەزووی دایە
کە سنوور هەڵدەکۆڵێ لە هلۆڵی چرای دا
ئاژاوەی خانێک لە ئاسۆی بێکەسیم
دەزرینگێتەوە لە خوێنی پیشاوم ... شەرمی پشکووتن
قەڵبەزەی رووبارە لە زەینی زەریا دا
ئەی دایکانی پێشەوایەک قەرزدار ... بە رۆحی رواوم
لە چۆلی رێگا
راخوشێن لە سرِی سۆمای [عبدولعەزیز] ... بەردەوام
خەونی خان لە هەڵوەرینە ... لە مەودای هەڵفڕین
بەرووباری سێبەر دا رژایە مێژوو
ئەو دەمەی ئەو میراوی ترووسکە ... من میوانی توانەوە
سلاو خانێ خەنی لە چەپڵەی چرژاوەکان ... داهاتوو تاریکە
... وەسیەتت چرا بێ
لە دەرگای مەسڵەحەت را هاوارێ ... پەنجەرەت دامەخە
لە جەستەم ماندووە ... جەنجەڕی گەز و گزیر
کە رووشاوە بە رەوشی شەمشەمەکوێرە
لە گەمارۆی چرا دا

# شینبەوە چرای چوار ماچ

بە نزگرەی کانییەک زنەی بزەتان بۆ من
زەریای پاییزە لە خمم دا
تەمەنم گلۆلەی گلۆپی کوژاوە
کاتێک هەڵوەرین لێی هاڵۆز دەبێ
لە واتا دا
من هەڵقولێنم ... لە لێڵی قورتمی قەتارەی رقتان
بالاو بە ئالای ئەوینم دەپاڵێوم
کە لێڵی واتایەکم لە گەرووتان ... روون
شەپۆلی واتایەکم
بە ئەندیشەتان دا ... دەشۆرێتەوە
قرڕانی قاقا دەشارێتەوە
لە شێوەردی شەکانەوەتان
بێ خەم بن
من زەریایەک ویشکەڕۆییم ... داکوتراوم لە شەپۆلتان
کە پەنجەی خەونم زرینگاوە
لە تەوافی هەڵفڕین
غەوارەییم شین لە شێوەتان
غەریب لە شارەزایی ... ئەو هەڵوەرینەم چاکتر
چرای چوار ماچ ... دەچێنی بە دەروونم دا
شینبەوە ماچی چوار چرا ...
لە روومەتی تاریکی وەتەن
وەتەنی تاریک روومەت
دێمەوە لات بە گڕی لاولاوت
کە هەڵگەڕاوە بە جەستەم دا
بۆ هەڵفڕینی تەوافت

به دەروونت وەربوومە
وەک وردبوونەوەی زریان ... بە ئاڵۆزی گەڵا
روونبەوە بە دەروونم دا
وەک تەقەڵی قەڵت و برِی ئارەزووم
کە نەزانی مقەستایەتی کرد
بە وتەی دایە گەورەم
تاریکی لە گەمارۆ نا ... گەرووی راخوشاوت

***تاهیر مەهابادی***

## سوڵتانی سەرهەڵدانم

ڕێزانی زریوەم
لە هەڕەتی کازێوە ڕێزانم
دێمەدەر لە کالانت ... توانەوە
نەرمەسووکێک
سێڵاوم لە تۆرەمەدا
بە پڕۆشەی تیشک و
بە پەیژەی ڕووبارم
چاوەڕێتر لە چۆڕانەوەت ... سووڕانەوەی لاویم
بەسەر نەکولاوی
لە کاڵیت دا نارژێمە شێوازت
بە نزگرەی زەریایەک پەشمینەم
لە چڕۆی چرکەدا
لە کات هالاوم
سووڵتانی سەرهەڵدانم
شەبەقتان لانەوازە
نابریسکێتەوە لە چڕۆم دا
کە سێبەر دایخستووم
لە ڕۆچنەی چرا دا
سووڵتانی سەرهەڵدانم
سبەینێ وەرە نا پرێسکەی ڕۆحم
لە کەلاوەی کوێرەوەریم
کە بە کۆڵمەوە دەکولێتەوە
پڕیشکەی ئێشی پێشەنگی هەتاوی
زەویم لە زەریاتان بۆ من
شەپۆلم لە شەکانەوەتان بۆ من

من بۆ شەکانەوەتان لە شەپۆلم
لە باڵی پەڕاوی پەڕینەوەتان
لە سەر شێتی رووبارم
کوا شێلەگە ...
ئیتر نابمە بەراوتان
سەرپیتەتان لە جۆگەی ئەستێورە ... وەک پێنووسم
تیژ باڵی لاڵی شەپۆلتان
نایگاتێ
برووسکەی سۆمام
گەواڵ گەواڵ بووە
گەورەییتان
لە گەرمەی گرمە گرمی ... دارەدارەم
کە مەشقی هەڵەسوونە ... لە شەو بەراوم دایە
کۆلکەزێڕینەم ئاڵوودارە و
پێکەنینم چرایە
بپەڕنەوە لە سەر شێتی رووبارم
رووبارم ... شێتی سەر پەڕینەوەتان
لە غوباری غروور ... کە خەرمانەیە
لە غوورڕابی خەیاڵم
وەرنە سەر خەرمانی خەیالم
بە زرینگەی زریان ... نا ...
لە هەڕەتی کازێوە رێزانم

## لووتکەم ... تکایە تاریکی

من لە گڕ لووتکە ... دا هاتووم
بە هەیبەتی زریوە
کە ناچتەوە سەر چڕۆی
کۆتەڵی خەون
بە پەنچەرەی گەورەییم دا
ڕۆرژێنە ژانی گاڵەییم
کە وەک کەروێشکەی هەویرە ئەندیشەم
لە هەوێنی هەتاو دا
دەتشەکێنمەوە لە بۆڵە بۆڵی ئاگر
بگەڕێوە سەر تینی تابووتم
لە ڕوانەوەم دا
دەڕوێمەوە بە دەراوی گەشانەوەت
هەویری ئەندیشەم
پەپوولەیی دەبرژێ تەمەنم
لە دووکەڵی خەیاڵ ... هەتاوی هەوێنم
دەژاکێ رووناکیم ... ڕۆنانی تاریکی
لە دڵۆپەی دڵان دا
بگەڕێوە سەر لووتکەی کۆنە بەردم
لە بناغەی یاغی را
دەتنووسێنمەوە بە سێبەرم

## بمخوێننەوە

به خەونی خۆرەتاو
کە من خووساوی خۆزگەی گزینگم
بمنووسنەوە بە سوورەتاو
کە سێبەر تەسک و پسکە
بۆ یاغی بوونم
بمچێننەوە لە چاوەڕوانیتان
کە من پێش چەواشەیی
چرۆم چرایە
بمنێژنەوە لە قاپیلکی لەمێژینەم
کە هاژەی ژەنگی روحم
لە گەرووی برایە
مەمشێوێننەوە هاورێیان
لە شیرنایی ئەو تاڵییە
کە لە هەوارم رەوایە
لە قسری دا بزرم
لە بزری دا هزرم
وەدیمبێننەوە هاورێیان
بە ودمی دایکانی سک سووتاو
کە ناڵەیان لە خەونی (دغدۆ)یە
کەس نییە لە چریکەم دا
گوێچکەی بیشکوێ
کەس نییە لە روحی برشاو
کەڕڕوو کڕ بێ
دیسان بمخوێننەوە
بە خەونی خۆرەتاو

که من خووساوی خۆزگەی گزینگم
دیسان بمنووسنەوە
بە سوورەتاو
کە سێبەر تەسک و پسکە
بۆ یاغی بوونم

## بازەبەزیوەکان

من سینۆهەی زەمانم و
کەس وەڵامی (بۆ)یە کانم ناداتەوە
ئەی تینوویانی چریکە وزرینگە
گەرووتان پڕ کەن
لە تۆڵە و تریفە
هەنگاوتان پڕ کەن
لە خڕڕە و خرمەی
بوتی شکاو
چاوتان پڕ کەن
لە زریوە و زرینگە ی
ئە ستێرەی راخوشا و
وەتە نم
ئەتڵە نتیسا یە و
(بەرمۆدای) مەزنایە تی
هەڵیلووشی
وەتەنم
پە پوولەی دەوری چرا
حەزی حەزیای کورسیە ک
هەڵیلووشی
چرۆ دەرکەن
ئەی گەزیزە کانی
سەدەی نزگرە
بە گەرووی (بەدرخان) ە وە بڵێن
دابەزن
بازە بەزیوەکانی

سەر تروو‌پکی بە ڕوو
بەرەو رووتان
نیشتیمانەو
پڕلە تیمساحی نەمام بر
دابەزن
ئەی کورسی پەرستانی
سەدەی دیجیتاڵ ونزگرە
بەرچاوتان وەتەنمە و
پر لە مقە ستی حە ق بڕە
هەڵفرن
نیشتیمان پردێکی روو خاوە
لە نێوان پشکووتن و
هەڵوەرین دا
من قەڵە مم ئاڵوو دارەو
ئێسکم قە ڵە مەو
خوێنم جەوهەر
دەچێنم
لە باڵی هە ڵفرین
سروودی سەرکەوتن
دەچێنم
لە دڵی دایکانی سک سووتاو
سروەی سەرە تایەک پێکە نین
دەچێنم
لە سۆمای
یە عقووبانی ئەم وڵاتە
بۆنی کراسی یۆسف
دەچێنم
لەهەناسەی ساردی باوکان

ژیلە مۆی وجاخێکی کوژاوە
ئاخ نیشتیمان
بۆ چی لە خەوی دایکانت
خە ونی دە غدۆ یەک قاتە
بۆچی لە ئاسمانت
گرفەو تریفەی
خاسە هەتاوێک
هات و نەهاتە
ئەی وەتەن
کێ چیام بێ
وەک گەزیزە بڕوێم
کێ دەریام بێ
وەک کەشتیە کی
شەپۆل شکێن بدوێم
باڵاو پر کەن لە هەڵچوون
ئەی تامە زرۆیانی هەڵە سوونە
سۆماو پڕ کەن
لە داگیرسان
ئەی چاوەروانانی رێگا
هەنگاوتان پڕ کەن
لەخڕڕەو خرمەی
بووتی شکاو
من ئیبراهیمی زەمانم و
تەوری توونام لەسەر شانە
نازانم
ئەوە هەتاون من هەمن
یان
کاروان کوژەی پێش باران

ئەوە مە ڵڵا وپێشەوانە من هەمن
یان
قڕڕە
ئەوە وڵاتە من هەمە
یان
قۆمرغانەو قورغی ئاغاکان
ئەخر ئێرە مەڵبەندی
هەرە وەزی ترازانە
یان
هەڵە سوونە
ئێرە مەڵبەندی
هەڵبوو ن و داگیرسانە
یان
دابر دابرو فوو لە ئەستێران
ئاخ نیشتیمان
چ بەژانە
ڕێبوار بێ و ڕێگا غەیان و
هەنگاویش تێنووی قومێ سێبەر
چ غەریبە پێنووس
کاتێک
لە دەستی پێکەنین
مەرگ و گریان واژۆ دەکا
چ ئەسیرە ووشە
کاتێک
لە قافییەی شێعریکا
بە نابەدڵی درۆ دەکا
چ ئازادە کورسی
کاتێک

له ڕۆ چۆنی قاچه کانی
حاشاده‌کا
چ زاڵمه شمشێر
کاتێک
له ده‌ستی سه‌رکرده‌دا
سه‌ما ده‌کا
ئاخ نیشتیمان
ئه‌مێستا که
له‌و جه‌نگه‌ڵی کوته ڵ و
له‌و به نده‌ری ئه ژدیها کانه‌وه
دوڕ ومه‌رجانی
ئازادیت
چۆن بهۆنمه‌وه

# بەڕووی مەرگم

بمحەسێنەوە لە سرتەی سووتان
ڕامانی بەڕووم
بمچێنەوە لە مەرگت ... ئەجەڵ
کە من چەنگی بەڕوویەکی تووڕڕە لە بەربینگت
هەستم لە خوێن دا
دەیئاخێوێ هەڵفڕین
مێشکم لە هەڵوەرین دا
دەیئەنگێوێ پێکەنین
بمشەکێنەوە بەربلاو
بە تالاوی ئەوینت
بمشارەوە لە شارەی نەزان کە بەرزایی رووخان
لە کوێرەوەریم دا
تازە
بە پەیژەی قسری و بزری نارژێمە لاوازیتان
ئەستێرەکانی تاریکی
وازدێنم لە شەکراوی شەرمەزاری
کەکرەکانی رووناکی
داڕزاوە زەردێنەم وەک هەتاو
ئەغیار نابمەوە
وەک چۆڕڕاوگەی چاوەڕوانیم
مەرگ لە بەرگی دەنگم دا
لە تۆرەمەی رەنگمەو وەلەدی گەرووم
بەڵەدی خللۆرگەی خەونی داڕووخاوم
لە لووتکەی نەزانی ڕا

## له هەڵدێری شێعرەوە

سەرپیتەی چووخساندن
مەڵڵای قڕڕە
وەک شڵێوەی شەرم.....مارە
بە شەهوەتی خوێن پەڕاندن
هەڵەسوونە هەڵەمووتە
لە جاڕدانی
بێ
زاری
ئەوە تا من
چاکترین چەوسانەوە
چاوەڕوانی ... سەرنخوون
داڕزانی بەرزایی
خەجاڵەتێک بە جلی جوامێری
هەڵترووکانی تروومی کەساس
چاوەدێری چەوسانەوەم
بمشڵەقێنەوە
لە بژاری ژیان
کە مەیوم لە تۆ دا
لە من دا قسری و بزری
لە شارەی مانگ
سەرم هەڵداوەتەوە
هەڵدێری هەڵفڕین
هەڵەمووتت ئاوەدان
ئاوەدان بە
زریانی ئامێزم

لەقوماری خیچانم
تۆش سەر پیتە خۆش ... خۆش بە
لە چووخسانم
ڕامژێنەوە
ڕاوێژی هەڵوەژاردن
کە شپڕێوم
لە غوڕڕانی ئەر غەیان
لایەنگری پەنگرم
لە لەنگەری دامرکان
بمسووڕێنەوە
سرتەی دارستان
لە هەڵەسوونەی سووتان
گەڵای دووکەڵم
تولاومەتەوە
توانەوەی شەڕافەتی شاخ
داکوتراوم
حیکایەتی کوت کوتی هێلانەی شار
لە خۆم دا سەر هەڵدەدەم
لە تۆ دا نرکەم دەپووکێ
کەرامەتم کورکە و
تاوان دەترووکێ
بمگەشێنەوە
لە پەنجەرەت را با
قەتیسم
دەنا لە نزگرەی دەروازە
دەپڕژێمە پەرژینت
داچۆڕاوم و
چۆل هەوارم

کاڵ کاڵ ... گڕووگاڵم
قات و قورمیشم لە لادران
لە چۆڕاوگەی سەراب
لە شەڕاب دا هاوتەریبم

## هەڵتەك هەڵتەك

دەسوورڕێمەوە سەر ئاوابوون
پە لەو هەلە
مانگرتنێک بۆبەربوونەوەی مانگ
قورتم قورتم
ریشاژۆی گەلاوێژی بزرم
هەراسان لە بۆچرووکی
چرکە چرکە چەواشەیی
ئاواڵ سووتانم
دەکڕووزێمەوە
لەڕاسانی چرای هەڵپڕووزاو
دەسووتێمەوە
لەسووڕانەوەی ئەستێرەی سوواو
هەڵتەک هەڵتەک
لە جێخوونی چاوەروانی
حەساوە لاسار
بێ دەنگی ساڵی با
پێکەنینی هەرڕاجە
هەللاجتر لە فڕینی هەڵقرچان
ئاواڵ کۆڵنەدانم
مەرگێک دەمئاخێوێ
خووساوی خەیاڵ
خەنی خەنی خزایە خەرمانم
زەردترم لە گەلا
لە هەڵفڕین
سوورترم لە ئالا

لە هەڵوەرین
یاغی بوونم دەریایەک
تامی تاڵی شۆرەکات
ڕامی بێژینگە رووبارم
ئەنگێوەیە بڵاویم لەسیلەی سەرهەڵدان
سەرزەمینێک
ئاخاڤتنی گڤەی دوولکە
هەمبانەبۆرینەی جیر و
جیرە جیڕی کشانەوە
هەڵفڕینێک چۆل چۆل
لە چریکەی باڵ
ئاسمانێک کۆڵ کۆڵ
لە جەمانی جریوە
هەڵدێرانێک قورس قورس
لە قەتران و قەیتەران
قایلی قووم بوون
تازە باڵەپڕژە
پڕشەنگی برژاو
بە برژە برژی پێکەنین
لە ژێ ژێی هانکە هانکی
سزیۆڤ هەڵفری

## ئامستردام لێم دەپرسێ

چۆن بوویەتە شاعیر
ئەرێ ئەوە پرسیارە یان
هەڵدانەوەی لاپەڕەی برین
ئەوە نەزانینە یان
گێڕانەوەی هەڵوەرین وهەڵفڕین
ئامستردام نازانێ
کاتێک زمانت بگرن
سەرت دەبێتە گڕکان
چاوت بگرن
چاوەڕوانیت دەبێتە تووفان
دەستت بگرن هەناسەت دەبێتە سێڵاو
کاتێکیش خۆت بگرن
ناوت دەبێتە کەشتییە کەی نۆح و
پڕپڕدەبی لە زیندەوەر
هیچ لووتکەیەک نایەتە ڕێت و
هیچ شە پۆلێکیش بۆ کەناری ئارامیت نابات
تۆ نازانی کاتێک
رووبار بی وبتگێڕنەوە بۆ کانی
چ هەڵقوڵینێک شە پۆلی ئەندیشەت دەشێوێنێ
من دەزانم
کاتێک هەتاو بی
بتسووڕێننەوە بۆ ئەستێرە
تیشکی چ راخوشانێک دەتهە ژێنێ
من زەمانێک لووتکە بووم و
کردیانم بە دەشتایی

قەوەی قەندیل و وزەی زاگرۆس
خزایە خەیاڵم
بۆیە تارمایی تەوربە دەست راوی نام
ئێستا لە بەردەمت کۆتەڵم
هەنگاوێک بۆپشتەوە دەبم بە زەردەشت
هەنگاوێک بۆپێشەوە دەبمەوە بە ماد
ئەریَ لە خەیاڵت دا دەبیَ چۆن بم
زۆرتروە گەردەلوولی شە ماڵ دەچم
تا خەیاڵی بێدەنگ
من دەزانم لە خەیاڵت دا
دەمێک سووسمارەکانی بیابان
دەمێک گوورگەکانی مەرگەوەڕ
دە مێکیتر دەبمە مەیموونەکانی هیتلێر
وای لەو کاتەی کە
ئاگرو ئاودەبنە کۆتەڵ
حەق دەخینکیَ وروناکی دەبێتە خەڵووز
ئەخر مێژوو لەزمانی کۆتەڵەوە
چۆن دە گێڕدرێتەوە چۆن
ئەخرکۆتەڵ
چۆن بەرزایی ئەوخوێن و خلیسکانە بکێشیَ
با نەقاشیش بیَ
کۆتەڵ چۆن سەر لێشێواوی
ئەوهەمۆ دەردانە بهۆنێتەوە
با شاعیریش بیَ
ئەخر تێکقرمان وهاژە هاژی ڕووح رمان
چۆن دەگێڕدرێتەوە
داوەرین ودابڕان و
دارِزانی زەردەی کازێوە چۆن دەگێڕدرێتەوە

ئێستا بە تەرجومەی کام عەقڵ
هەڵفرین وهەڵوەرین و
هەڵەسوونەی ڕۆچوونی ئەوکوردەت بۆ بگێڕمەوە
من دەزانم
تۆباڵەپڕژەی مێروولەت نەدیوە لە لافاو دا
بۆیە باوەڕبە هەڵقرچانی قاچی پەروانە ناکەی نا
تۆ قرچە وهۆڕی پشتت نەدیوە
بۆیە باوەر بە دزرانی کۆڵەکەم ناکەی نا
تۆ نەبوویەتە کۆتر و
چوخساندنی باڵی خەیاڵت نەدیوە
بۆیە باوەڕ بە فڕینی ئەستێرەکانم ناکەی نا
مەگەر نازانی
من شێعرم کردۆتە سێبەر و
هەتاوەکانی هەتیوگازم لێ کۆکردۆتەوە
من هەموو ڕۆژێ
کۆزی تیشک وبرووقەم دەژمێرم
هەڵبەزین ودابەزینی
گڕووگاڵی بەرخەکانم دەخەمە ناوپێنووسم
بۆیە بوومەتە ئە ستێرەی ڕاخوشاو
پاش تەیرێکی تر بە هەتاو

# من ناوێرم

پر بە سییە کانم هە ناسە هەڵکێشم
ئاسمانی هیوام شەقارشەقار دەکرێ
من ناوێرم
پڕ بەگەرووم
چریکەم بێ
باڵی ئارەزووم دەقرتێ
من ناوێرم
پر بە سۆمام سەیری پەنجەران بکەم
باڵی چاوەڕوانیم دەقرتێ
ئەخر چ دەکەی کاتێک
ماڵت ترازابێ
حەوشەت پاوانی زووڵم و
دەرگا جاسووس بێ
پەنجەرە غەیان و
شووشە نەبان بێ
چ دەکەی کاتێک
کۆڵە کەی وەتاغ یاغی بێ

پێشکەش بە گەلی کورد

## توورەنامە بە پەیڤی تاقەدار

---

ئێستاکانە
دەروونم وەک جەستەم خەڵووزە
لەتۆرەمەی رەش و برشاوی بوونەوە
مەودا ئەستەمە
بۆ کەروێشکەی تریفەو پێکەنین
سەختە بەرد بسوورێتەوە
بۆ هەستی ناسکی
بۆیە ئاخاڤتنم
شەڕابی نابێ و بۆنی ماچ و پێکەنین نادا
بۆیە پەشێوترم
لە پەشێوی ماموستام و
ئاڵۆزترم لەو چرایەی کە خۆی لە فووی ناحەق گرژ دەکا
توورەترم لەو زەریایەی
تووفان خەونی شەپۆلەکانی بزر دەکات
خودایەکەم
بەچیت دارشتووم
لەو چوارچێوە لە رەسمە دەرچووی ئینسانەدا
بۆچی وەک کەرەفوو
بەلا لەهەر لایەک بێ وەپێشی دەکەوم
تۆ ئەلف وبێی شەل و پەلی ئارەزووم ناخوێنێوەو
لەزمانی کەرت و پەرتی هەستم ناگەی
ئەخر چۆن ناوی دەنێی ژیان
کاتێک
بڕبڕەی پشت شانازی پێت نەمابێ و

ببێته ئاڵووداری پردی دزەکان
دەست شانازی پێت نەمابێ و
ببێته باڵی باڵندەی لێک ترازان
خودایەکەم
بەرگەی عبدایەتیت ناگرم نا
چیتر دەستم تەورو ملم دار بێ
بەرگەی گێژەڵووکایەتیت ناگرم نا
دەستێکم ئاگرو سەرێکم ئاو بێ
بەرگەی ئاسمانەتیت ناگرم نا
لەشالاوی ئەو ئەستێرە کوژانە
بەرگەی باوکایەتیت ناگرم نا
لە سێلاوی ئەو هەموو زک سووتانە
بەرگەی تاقانەییت ناگرم نا
چیتر زریان چاوساغی چەقەسرۆ
سەحراش سەرکاروان بێ
ئەخر دیسان
کەروێشکەی ئاگرەو
تەمۆرکەدان و بالاڕێزان و
قرچەقرچی جەرگ برژانە
دیسان شالاوی شەلی و پەلی و
ڕووڕنینی دایک و باوکانە
دیسان سۆبەی دلان نێڵ درا
سوور سوور سوورە
لاسامە و سکڵ بارانە
خودایەکەم ئەرکمان هەر نەگۆڕا
تا قیامەت هەرەوەزی سەنیرخوسانە؟
مەگەر نازانی
پێغەمبەر لە پێغەمبەرایەتی دەکەوێ

کاتێک
شمشیر سەردار و
خوێن لەکالان گرژ و
پەیامیش ترسی داسەپاوی بێ
هەتاو لە هەتاوێتی دەکەوێ
کاتێک
تیشک لێی راسابێ
مانگ لە مانگایەتی دەکەوێ
کاتێک تریفە لێی یاغی بێ
ئاسمان لە ئاسمانەتی دەکەوێ
کاتێک کاروانکوژە ئەستێرە بێ
رێبەر لە رێبەرایەتی دەکەوێ
کاتێک کورسی وەرەز و
قاچەکانی شەکەت و لەقورسایی جاڕز بێ
ئەخر
شاعیریش لە شاعیرایەتی دەکەوێ
کاتێک ژن و ماچ و شەڕاب
باڵی پێکەنین و چەتری هەڵفڕینی بێ

---

***تاهیر مەهابادی***
***٢٠١٣/٦/٤ هولەند***

# ترس

ئەمشەو کوردستان
دەمکاتە تیشکی راساوی تۆڵە و تریفە
ئەرکم بێشکەیەو دایکی وەتەن ڕایدەژێنێ
هەر ئێستا دەبێ ببمە سێبەرو مانگ و هەتاو
باڵ لە خەیاڵ قەرز دەکەم
گەز بەگەزو رەز بە رەز و
وەرز بە وەرزی مێژووم دەکێڵم
لە ئاسمانی دزراوی فڕینم دەگەڕێم
ئەمشەو من سەرقافڵەی دەستەوای عیداڵەت و تۆڵەم
هەر ئێستا بچوک و بچوک و بچوکتر دەبمەوە
مسقاڵێک لە ناو مەزنترین هەیبەتی دنیا
نەعرەتەم ئەسپێکی بەلەسەو
ئەرکم سوار چاکترو
ئەنگێوەتر لە ئاڕشە
من دەترسێم
دەترسێم منیش
تۆزو تەم بە گەرووی
ئەم مێژوویە تینوویەم دابکەم
زۆر دەترسێم
دەترسێم منیش غەدر لە حەقیقەت بکەم
پەنجەی دولار پەنجەی گەرووم ببەستێ
هەر بێم و بچم
وەکو کاسە لێسی بارەگای سوڵتان
من دەترسێم
دەترسێم منیش ببم بە ئەستێرەو

له برسان ئەستێرە بخۆم
زۆر دەترسێم
ببم بە لووتکەو لە ترسان نەوییەکان بخۆم
من دەترسێم ببمە سێبەرو لە حەوشەی ڕەنج بە خەساران
نەڕوێم
من دەترسێم
بمکەن بە چرا
بەڵام لە رووناکی نەدوێم
من دەترسێم ببم بە مانگ و ئەستێرەی ڕاخوشاو
فرێدەمەخوار
زۆر دەترسێم
ئەگەر دار ئاشقی بەرد بوو نەبم بە مشار
کی دەڵێ شمشیرو خوێن برا نین
کێ دەڵێ هەورو هەتاو چرا نین
من دەڵێم دووپشک چەند ئازایە
کاتێک دیلی ئاگرنابێ
هەڵۆ چەن خێرییە
ئازادی دەگرێ
ئازادی دەکوژی
بە مەرگی چریکەو ئاواز دادێ

## خۆشەویستیم

ژێ ژێی دارتێلەکانی
سەر شەقامەکەتانە
رۆژێ چەند جار
بەبروسکەی کارەبای نازت
ویشکم دەکاو ئاورپیان ویناده‌یه‌وه
خۆشەویستیم
تاڵەموویەکانی
هۆنراوەی پێچ پێچی پرچی تۆیە
رێچکە رێچکەی چریکەی لە گوێچکەما
دەلەرێتەوە و
هەستی بۆراناگری
خۆشەویستیم
شووشە عەترە بۆنخۆشەکەت
جامخانەکەی بەردووکانە
حەزی لەبۆنی کزەی کوڵمانە
رۆژێ جەند جار
لێی دەڕوانی و نایکڕی

## منم شاعیری شەپۆل شکێن

من شاعیرێک دەدزمەوە
لە باڵی گڕ
هەستی سەر بە ئەتۆمی هەڵفڕین
شێعری دژ بە یاسای لاساری
گرژی روو بە پیت و پڵێتەکانی تاریکی
من شاعیرێک دەهۆنمەوە
قەلافەتی قەلایەکان ... لە شرۆڤەی قەڵەمی دا ...
حیکمەتێکی بەتاڵە سەرۆک بوون
من شپرێوی پیرەبابان
شیتاڵ شیتاڵ دەشوبهێنم
کە سەنیرەکان خووساوی پەشیمانە
من زایەڵەی پیرەدایکان ... دەزرینگێنم
بە گازەندەی کۆزی چۆل ... کە ئاوەدانی وەرینە
نیمرووده نەمرەکان
بارەگایان بارگاوی لە مەرگ
پەنجەیان لە جەرگی دایکان ... جەنجەڕە
پەنجەرەکان کوێرکەن
با چاوی جاسووسان بسووتێ
بە نزوولەی زارۆیانی ... وەرزی نزگرە
بارانێک بە سۆمامەوە دەکوڵێ ... نانا ...
سۆمام دەکێڵێ
سێلاوێک لە سەر پاشوو
ترسێک لە حەجمینم دا ... جمووجۆڵێتی
... منم شاعیری شەپۆل شکێن
بە قووڵی ئەقیانووس ... دەشکێنم شەپۆلی شاعیری شێت

نیشتمانم
ئەگەر بڕووخێم من ... سرتەسرتی کوێری سێڵاوە
ئەگەر هەر دیوار بم ... لە خەونی شێوای حەوشەکان
ماڵەکەمان تۆزی سەر ئاوە
منم شاعیری لووتکە تاوێن
لە تۆرەمەی تەوری باڵداره ... قەڵەمم گرژی قەلاو گولله
لە جەنگ و چەنگی تۆڕەکان
دەژمێرم..... داوی نێو بەفری هیوا
ئازار دۆزی لەرزەی وەرزەکانم
ئەی گەرووی ڕاساوەکان ... گڕ بگرن
لە نەزمی لەرزۆکی
کۆوەبن نەوەکانی داهاتوو وەخەبەرهێن
نیشتمان داهاتوویەکی دزراوە
قەیران
قەیرانی قورینگی ئەقڵ و
نەقڵ
نەقڵی نەناسینەوەی وەسیەت و
قازاخی کۆچ
دوژمنان جوغرافیایان ... دا ... بەش ... و
میرەکانیش
ڕۆحی بڵاوی یەکبوونمان ... دەڕازێننەوە بەشانازی
نابوورین
نا لە شەهامەتی شەرماوی شاعیران
ئێمە نەوەی نەبەردانین
نابورین نا
نا لە دزی خۆماڵی ... بەلاڵی خانەخێوی دا
نابوورین نا
لە میرەکانی نەریتی سەرلێژی ... بە لێژاوی دەلاڵی دا

من ترپەترپی دڵی چۆلەکەکانم ... هەوێنی ئەوینە
نابوورم لە گرمە و خرمەی بەهار
...
ناترسم لە سرتەسرتی بن سەنیر
لەو سەرە و سڕەی ئەجەڵ دا
ناترسێم یاسینی پۆلیس
بە زیندوویی چاڵم کات
...
من ترۆپکی هەناوێکم
لە گەرووی پشکووتن
دامەزراوم لە وزەیەک دا
کە زەمان ڕازێنە
بە هەڵەسوونەی هەڵفڕین
...
داڕێژراوم لە دارەدارەی ... هەیبەت و ئیمانێک
لە زەماوەندی ڕەنگان
من پەروەرێکم ... زنەی ئەندیشەی ئەقیانووسە
سارێژی ئازاری بیابان
من لووتکەیەکم
دژ بە لوتکەکانی جیهان ... گرژاوە
من شاعیرێک دەخوازمەوە
لە هەرەوەزی لوتکەکانی زانایی
من پەروەرێک بۆ [پەیمانی پیرۆز] ... ڕادەخوشێنم

# خەنجەرژەن بە سەروەختی خوێن

برینێک بە قووڵی خەنجەر. دەپشکوێ
لە قۆڵی قەرەقۆشی و
لە بەرقەدی برا دا ... مەرقەدم پڕ حەیران
متارە و زبارەی زریکەی زەردە و
بۆنی ژان و برینم ... لە نەعرەتەی خەنجەرژەن
...
برینێک هەیە
ئەگەر مچووڕکی ڕەش بێتە سەر پاشوو
ئاسمانی باڵدار و هەتاوی تاوان
دەپووکێنەوە لە تاوان
چرکەوەختێک هەیە
ئەگەر جاڕزیت جەزمەی سوور ... سووری کات
ئەستێرەی ڕەش دەپیشێن لە شەرمان
من مکووڕم
دەست لە ڕێزەئەستێران سواغ دەم
سەر باوێمە تریفەی تاوان
قامکی هاوارم لە چاوی دا. چرۆی چڵکن دەردا
ڕێژنەرۆژێک هەیە
ئەگەر هەناسەت نەڕژێتە ژووی سەهۆڵ
سێڵاوی سەهوو دەتفرێنێ
ساڵەساتێک هەیە
بە درزی لەرزەیەک
دەبی بە خۆڵی سەهۆڵ. قامچی رۆحت. دەبێژرێ
لە دەنگی قامبێژی قیامەت
زێرووی زوڵم لە گەروومان دا ... لە تەراتێنی

کاتە ... فرمێسکم پڕ بە قاپی تەرازوو قوڵپەی بێت
یاسای هەموو جیهان لە تایەکەی تر دا ... قڵپکاتەوە
قەرزێک لە قووڵی یەقین دەدوێ
بیدروون ئەو فرمێسکەی لە دەستی عیداڵەت دەڕوێ
بیگروون تەباتۆڕی تاریکی
بە تەرازووی گازندەی زارۆکان
زارۆیانی گازندەنووس
برینێک بە گەروومانەوە نووساوە
لە بۆڵەبۆڵی تاپڕە
ئەو چرکەی بەرووی ملّکەوان دا چرکاندی
ئەی زارۆیانی تروسکەنووس
ماڵەکەمان
بارمتەی تۆرەمەیەک...کە موتوربەی تاریکین

## زایەلەی گوڵی قەیتەران
## برووقەی ژنانی تاریکنێژ

---

ئەی ژنانی ڕووناکبێژ
پیاوێک خەریکە
دەخرێتە خەریتەی تاریکی
کە لە تایفەی بەفرە و
لە خرمەی توانەوە دەترسێ
تکایە بریقە هەڵقولێنن
لە گەوزی حەزی دا
پیاوێک لە پیتاندنی پەیمان دا ... لووتکەیە
چاوی لە چریکەی هەوران دا باران
لە مەرەدی ئەبەدی ڕا
گەرووی سپی دەبەخشێ
بە چڕۆی بەردان
پیاوێک لە مێژە لە مێژووی دا
چۆڕ چۆڕ چەواشە دەفرۆشێ ... بە خۆی
وەک گەرای بێ دەنگی ... گەرم
ئەی ژنانی تاریکنێژ
مەڕواننن لەو شێعرە ڕا
کە ئاگری تاریکم
کە سۆمای بیستنم سڕە ... تەریکم
مەڕوانن کە ڕەوەزی هاوارم
وەڕەزی دەچنێ
لە زەنوێری هەستەکان
پیاوێک تەریک تەریک
لە تاریکایی تەنیایی ڕا

هەر دەتوێتەوە ... بەرەو تنووک
... بەرەو کلووووو
درەنگ درەنگ
{لاس}ێکی سوواوم
لە سەرافەتی ئەوین
ئەدرەسم قورتمی ڕقێک ... لە گەرووی {یەمەن} دا
گوڵی قەیتەرانم
بۆ ژنانی رووناکبیژە
پیاوێک خەریکە
لە غوورڕابی غەیببوونەوە
لە ناو پێڵاوەکانی دا ... غەریبی
لە بەربینگی ... خۆی گرێ دا
پیاوێک خەریکە
دەبێتە برێشکەی سەر سێل
هەڵم ئاسا
دەسوورێتەوە سەر سێڵاوی ... سەفەرررر
درەنگم درەنگ
مردنم دڕدۆنگە لە جەنگەی
جارزبوونی هەڵفڕین
بفرە رۆۆۆحی بەفرینم
ئێستا
هەڵەمووتێکی فراوان ... لە پێستم دا مەستە
ئێستا جەستەم
کێلێکی گەڕۆکە ووو
لە گۆڕێکی غەریب دەگەڕێ
ئێستا جەستەم ... لە سەر هەستە وووو
شیوەنی خۆم لە چاوی خۆم دا هەڵدەگرم
ئێستا
مەیتی خۆم لە سەر دەستە و
بۆ گۆڕستانی یادەکان هەڵدەفڕم

## تامەزرۆ بە وەرزی حیلەن ... ڕێگاکان

غاردەدات لە خەیاڵمان دا ... ئەسپێک
بێ سوارچاک
دەشتێک لە نەبیستن
بە کێوی هاوارم دا بڵاوە
لە گەروومان دا ... بێدەنگییەک ڕووبارە
لە نهێنی هیوامان دا
گزینگێک درەنگە
...
لە قسری ئەو ساڵە هەڵەویژانە دا
تامەزرۆ بە وەرزی حیلەن ... ڕێگاکان
ڕێگاکان ... خینکاون لە تکانی ئارەزوو
ڕێبوارێک بە دهۆ
شێلگیرە لە شرۆڤەی شەوەزەنگ
هەنگاومان بە هەوری عەشیرەت و
سێبەرمان لە سەرۆک دا ... داسەپاوە
تەریقەتمان ... قەتماغەی قەوانێک
لە گوێچکەی مێژوو دا ... زرینگاوە
...
ببیسن
حیکایەتی قارەمانێک
لە ئازادی دا دیل و
لە ژیان دا مەرگ و
لە هەوێن دا ... ژاکاوە
...
برایانم

دەگەشێنمەوە
نزاكانی یەعقوب
بە حیكمەتی یۆسفێكی دزراوم
دەشەكێنمەوە
گۆچانی مووسا ... بە گژ دەریای بۆتەكان دا
چەندە (فێرعوون )ئاكارن
هەڵدەبەستم
پنجی جووڵانەوە
لە حەجمینی جۆلایەكی شاكار دا
هەڵفڕێنن
لە خەریتەی لووتكەكان
باڵی هەڵۆیەكی خەواڵوو
...
برایانم
من برای بردراوو .... بۆ دەراوی خینكاوتان
كە ئەقیانووسێک بە چارەنووسم ... لاسارە
من برای دەركراوی سۆمای ئاسمانم
بە هەناسە سپی و هەستی سەردارم
لە دارە دارەی پیری ڕا ... بۆ لەنگەرتان گۆچانم
...
...
كۆمارێكی بەربلاوم
لە كۆكردنەوەی لاڵەكان ... بە هەڵەی یاسایی دا
لە ناو هەریمی ئەرغەیانی
ئەو زوڵمەی منی تاساند
چەپۆكی گەورەكانم بوون
...
قاچەكانم لە تایفەی سەفەرن

تەمەنێکە دابەش بوومە
بە سەر غوربەت و خانە خرابی دا
...
هاوڕێکانم
سەردەمێک لە زیندان و ئازار دا
دەزرینگاینەوە
بە گڤ شەوەزەنگا
ئەرێ ئەو کات کێ سەرۆک بووو ...
...
هاورێیانم
لەمە بەدوا ... قەڵەمەکەم
لە قازانجی ئەو قارەمانەی دا
کە ڕچەشکێنی زانایی بێ
هیوام ... بەو هەڵۆیانەیە
لە تیژئەنگێوی دا فرینیان ... دەریایە
لەمەبەدوا ... شێعرم
هەستپێوی ... هەناسە تاساوەکانە
لەمەبەدوا ... سەبرم
دەریایەکی تینوو
لە خرۆشانی قڕبوون دا
لەمەبەدوا ... هەستم
بە ڕێچکەی جەرگی ئەیوب دا
لکاوە بە هەنگاوی یاغی بوون
...
برایانم ... غەریبیم وەگەڕ خرا
بە ستەمی بە عاستەمی نەزانیتان
من یۆسفی لە سفەتی بیر دا ... لە بیر چوونەوەم
لەو تەنکە تەمەنەم ڕا

بالام ئەستۆندەکی ئالاتان
هەناسەم شەماڵی گڕە
سەردێرە لە شکۆی گەشانەوەتان
برایانم ... ئاوەڵدێراوم بن
دەڕەوێتەوە ... خەونی ئاو لە ترس دا
دەشەکێتەوە
قاقای خینکاوی گەشانەوەتان
...
برایانە وەرنە دارستانی هەناوم
چۆلەکە هەڵفڕیوەکان ... بە شەپۆلی چارەنووس
بجۆڕێتەوە چریکەتان
بە چرای چاوەڕوانی دا
بە فانووسی خۆشەویستیم ... هەلاوەسن سەبووریتان
بە سۆمای یەعقوبی پەشیمانی دا
کە لە شیمانە دا
شپرێوی یەهوودایە

***تاهیر مەهابادی***
**٢٩/٤/٢٠١٨**
***هولەند / دەشتی کرانندۆک***

## یاغی لە بناغەی باپیران
## بە هەنبانەی حەقیقەت

---

خەرمانەی دا خەمم ... کۆتایی دا مانگم
کەی ساو دەبێوە
لە ساڵی کۆڵەوار ... ئاسمانم
زەویمان لە پێخووستی فرمێسکی دایکانە
کەی ساو دەبێوە
لە سلسلەی سەهۆکان ... فرمێسکم
لە چەند سەدەی خووساوتر
لە هەنیسکی خوشکانم
وەلەدی خللۆرگەی خەونی رووخاوت بم
هەورێکانم
ئەگەر شاعیری شارەفرۆشراوەکان بووم
بمکڕنەوە
ئەگەر کۆلکەزێڕینەی خەملاو
بە خوێن و خەیانەت و خینکان بووم
بمبڕنەوە
من کە لە سەفەری سەربڵیندی دا
سەرۆکی سەغیرانم
هەر دەینووسم ئاسمانێک
کە ڕانەخوشیوە لە رۆحی ڕەحمان
نیشتمانم
کەی ساغ دەبێوە
لە جەستەیەکی کرماوو
بە کەرت و پەرتی سەرۆکان دا

ئەریٚ من شەرارەی شەرعی بیدەنگیم ...
... یان
لە سەرهەڵدانی گۆڕەکان مەرەدەی کێلێکی غەریبم
هەر لە چوارچێوەی هەڵوەرین دا ... پەپوولەم
یان ...
یان لە شرۆڤەی ئەوین دا ... پەنجەرەم
من پەنجەکانم هەڵۆ بوون و چاوەڕوانی دووندێک هەڵیوەراندن
من تەماشام لە سۆمایەک دا ... سەر بە شۆڕەشی فرشتانە
من هەنگاوم لە ڕێیەک دا ... لە ترپەکانی داگیرسانی چراکانە
چرۆدەرکەن ... قارەمانەکانی جەنگەی جاڕزبوون
من لە جەنگ و لە چەنگی پەشیمانی دام
هەر لە جیاتی بەرد جاڵەدەبمەوە
بە چوارچێوەی هیچی دا
هەر بەرەو سەفەری [سزیۆف]
لە سەر ... هەڵدێرانم
نیشتمانم
ڕامگوێزەوە ناو جازبەی بەزم و ڕەزمی زەمان
دەرووخێنم بێدەنگی
من ئەوەتا لە مەتەرێزی زریان دام
لە سەر پەنجە هەڵوەراندن
تا مەیتی ئەو زڕڕە وەرزانەم کۆکەمەوە
من وەلەدی خەونی ڕووخاوم یان رۆحم بەرماڵی تووڕەکانە
من هەر دیوارم لە حەوشەیەکی شێواو ... یان
یان سەرۆکی هەڵدێرانم
بۆچ هەر دەچمەوە سەر
چرپە چڕژاوەکانی ... ئەو دەمەی دەنگم بە سەرۆکی رەنگان
دا
لە گۆڕی خۆشم بێبەش بووم

کەی لاو دەبێوە ... لە قەلافەتی فەوتان
تەمەنی کۆڵدراو ... بە زەلالەتی زوڵمان دا
زەینت داڕزاوە ... تازە لە جوانی دا
دارەدارەی پیری هات
هاورێکانم
رۆحم ڕوا لە ڕنەکی رێگا
زنەی بزەتان بۆ من ... لە بەهاری ویشکەڕۆیی دا
من هەتا لە سەفەری سەربڵیندی دام
هەر دەینووسم
لە شوعاری شەڕافەتی شا دا
شاعیران حیکایەتی ئەرکیان
بە شعوری شێعر ئەسپارد
بە جەمسەری دەلاڵی دا
هاورێکانم
بە شەرعی شەبەقێک
لە پەنجەرەی چاوەڕوانی هەڵفڕیم ... وامزانی پەپوولەم
ئەری تەماشام لە سۆمایەک دا هەڵگیرسانە ؟؟؟
سەر بە شۆرشی شەیداکان ؟؟؟
ئەریٚ هەنگاوم لە پێیەک دا
لە ترپەکانی دڵ بە پرتەپرتی چراکانە؟؟؟
هاوڕێکانم
هاتوومەتە دەراوی ئەوین
لە تەمەنی پێکەنین بدوێم
هاتوومەتە خەیاڵتان
دڵ بە خەونی بیابان بڕوێم
ئەریٚ کوا تەنیام
هەموو دەمیٚ ئاوەدان ... بە ژانەکانی نیشتمان
من رۆحم لە چاوەڕوانی دا خینکاوە و کەچی زیندووم

نیشتمانم
بیرچوونەوەت سێعری ویژدانە ... یان
شێعری من لە هەستێکی سەرمەست دا
شێعرەکانم
بچرپێنن بە چاوی ... ئەو چرایانەی لە جاڕی ڕووناکی
تاریکە سۆمایان
بسریوێنن بە گوێچکەی
ئەو پەیام دزەی کە جاڕی مرۆڤبوونی دا
گوێبگرن ...
من هەر دەپرسم
لەو سرتانەی لە هەڕەتی ژوان دا ... یاغی بوون
من هەر دەپرسم
لە حەقیقەتی قەوارەی حەق
مودێڕنیتە یانی
زاووزێی ڕەمزی قاتی و قڕانە
یانی
عەسرمان پێخووستی ... فرمێسکی دایکانە
یانی
هەنبانەکان چۆلستانی نانەکان
یانی بەیانان
بە فرمێسکی خوشکانەو چایەکی ڕەش ...
ئێواران سفرەکەمان
... گۆڕستانی مێروولەکانە

---

**٩-٦-٢٠٢٠**

***دەشتی کراِنندۆک / هولەند***

***تاهیر مەهابادی***

## له گەڵ سێبەرشکێن ... ئاوەڵتەورم

ئەگەر من
سەرۆکی ڕەگاژۆی بەرزی بم
چرکەکان چۆن ڕۆدەچن
بە جەرگی هەژاران
ئەگەر من سوڵتانی ئەقیانووسم ... بە شەپۆلی شەیدایی دا
گەوهەری واتا
لە قووڵایی خەیاڵ دا چۆن وەناسم
من خولخوولەی خەونەکانی ئادەم و حەوایەک
لە لەنگەرم دا غەڵەتە
بمگۆڕن
من لە شاشەی شەرمەکان ... قەوارەیەکی شڵێوم
...
بمکوژێنەوە ... مەرگ
بە تریفەی ڕەنگەکان ... من کەژاوەی گڵۆپەکانم
ڕەنگە لێک هەڵگەڕێن لەو شێعرە دا
(دیدار بۆ کتێبان)
ئەخر من کە
سەرۆکی بەرینی بەرزی بم
بە پێواژۆی فرمێسکان
سیمای جوانە مەرگان چۆن وەناسم
کە ئازادی بە ئاوازی دیلی بملێتەوە
لەوەتا شێلگیرە ... هەتاومان
لە شەرارەی شەرابی شێتی دا
هەموو شەوێ سفرەکەمان لێم دەتۆرێ
لە داخی پارووی ئەو شێعرە وجاغکوێرانەم

هەموو شەوێ
سفرەکەمان گۆڕستانی مێروولەکانە
ماڵەکەمان دەشتێکی بێ سنوور
شەلاڵی ڕۆحفڕینە
بمحەسێنەوە ... مەرگ
من کۆزی ساوام
لە گەمارۆی گوورگەکانی سوڵتان دا
تازە بوومەتەوە لە ئەوین و
هەوێنی خینکاوم
بە شێعرم کەن
شاعیرانی سەدەی هەڵەسوونە
منی سێبەرشکێن
حیکایەتی مارەکانی نیوەشەوان ... لە خەونم دا
فرمێسکم
پەیام ... بەری پەرتەوازەکان
لە زمزمەی خوڕافات
بە خەساری موعجەزەدا ... باڵ دەکرێ خەیاڵ
هەر وتم
گازندەیەک بەگەوزی تووڕەیی
ئەسپاردەی گزینگی حەق بێ
هەر وتم
شکایەت لە پێشەنگی ... ڕێگا داخراوەکان
داخرام
بە خەیانەتی خەیاڵێکی یاغی خواز
شەرحم کەن ... شارەزایانی
شێعری شەرم و شانازی
لە زمانی لەرزۆکم دا ... جوانی ڕزاوە
یان ... دارەدارەی واتا نەڕسکاوە

بمپارێزن لە پەڕاوێزی پووچەڵبوون
کە من بەڕووی پیرەکانی هەڵگووردم
لە مێژە .... لە مێژووم دا
پەنجەیەکی بریندار
لە دابێژانی ڕۆحم دا
چەند ساڵە
زرەئەستێرەیەک بە دهۆ ڕامدەخوشێنێ
بۆ شێوەردی دڕووجار
چەند سالە
لە گوڵبژێری چریکەیە و
لە چڕژانی بروسکەیە و
حەزی لە گڵنانی گڵۆپە
من سەرۆکێک دەناسم
لە جەوهەری بێ جووڵەدا
هەر ئەلف و بێی بێپاسایی
بە کۆتر دەڵێتەوە

## له چاوەڕوانی میر دا

با بشەکێمەوە بە بەستەڵەکی ڕۆحتان دا
کە شەماڵتان شەلاڵی لاڵییە لە بەهاری داگیرسان
بەچراتانەوە ... تاریک
روون دەبێتەوە تەمەنم
کە هەڵگەڕاو لە تۆرەمەی دووکەڵ و کڵی ئاوەدان
کە چڕۆی لە چریکەی بایە
بەستەڵەکم روونە لەتەراتێنی تەمتوومان
شارەی گەشانەوەم شێواوە ... لە شارێی گەیشتن
ئەو دەمەی دزرا لە چرا ... یاساتان
بمگەیەننەوە ناو گەمەی یاغی بوون ... با خەنی بم بێ خەوش
لە گرمە و گەرمەی خانەخێوی دا
کە خەرمانەی دا لە فریو ... دەنا ... دەبا بەرۆکم پڕ پێکەنین با
ئەی میران و تەیرانی لووتکەی بەرزایەتیم
مەهێڵن ساڵەکانتان سزیۆقی بن
گوێراگرن لە ناو جینگڵم دا
کە جێماوە لە جۆگەلەی خوێن
لە خەریتەی خەنی بوونم خەست خەست
دەخوسێم لە توانەوە ... بەستەڵەکی روحی لوتکەکانم
سێلاوتان سێبەری پێکەنین و هەڵفرینە
وەک سلاوی زەردەشت لە باڵی تیشکی کاکەشان
ئەی میرانی ناو بێشکەتان بچوک
تێهەڵچنەوە لە گڕووگاڵتان
وەک دەستەکانی یەعقوب لە چاوەڕوانی سۆمان

## هەڵاتن لە وەتەن

هەڵاتن لە وەتەن ... دەتکوڵێنێ
لە مەنجەڵی ڕقێکی یەقین دا
باڵت دەداتێ بە قەرزی مردن
...
مردن لە ئاو دا ... یانی
تینووی ئاوەدانی
لە پایتەختی خۆشبەختی دا
...
مردن لە ئاودا
کۆترە رەش پۆشەکانی ئازادی
هەموومان شەرمەزارێکی کورسی بووین
...
هەڵاتن لە وەتەن ... یانی
پووشێکی دەم بای ... لە گێژەنی شادی دا
پاڵەوانێکی قورمیش لە ئازار کێشانی ... لە نێو شەڕگەی بێکەسی دا
...
مردن لە ئاو دا ... یانی
خۆراکی نەهەنگێکی دیکتاتۆڕی
لە دەریای نەزانی دا
...
هەڵاتن لە وەتەن ... یانی
کۆلانەکانی منداڵی ... لە خەیاڵ دا پەپوولەن
هەر سێ رۆژ لە چرای یادەکان دا
ڕووناکێکی غەریبن

# شێعر تیڤی ١

له تیڤی چاوەکانت پەخشم کەوە بە دنیا دا
سەربەخۆ بە
له سانسۆڕی سەمای پرچت
له شیکاری پەنجەکانم
دابەشم کە لە شاشەت دا
بەسەر نۆتەی لەنجەکانت
بمناسێنە لە موسیقای هەناسە دا
بە کارەبای نازەکانت
هەر چۆنێک بێ دەتدزمەوە
له زەینی شاعیرانی زڕڕ
له جەنگەڵی دەفتەریان دا
له جێگای تۆ کەو و کۆتر و کارمامز
نە خەڵەفێی خاتوون ئەو شێعرە دوو روویە
دەتکەم بە وێنەگۆهێز ... مانگی دەستکردم بە
بە کابڵی کەرامەت ... هەڵتدەدەم
بە ئاسمانی شێعر و شعوور و شەرافەت دا
له فرەکانسی پارازێتی نازەکانت
کەناڵێکم ... پێ ببەخشە
له شەوکەتی شاشەی شەنگت
ناوی دەنێم ...
شێعر
تی
ڤی

# کۆتایی